Dêrîn

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمرۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی.

خاوەنی ڕۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : بێستون سابوراوایی

جێگری سەرنووسەر : کاکە عەبە

ژمارە: ( 3 ) – پێنجشەممە 2006/10/5 13ی ڕەزبەری 2706

ڕۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

# بۆچی فایلی سیخوڕەکان بەئاسانی تێپەڕبێت

پێشمەرگە دێرینەکانو هەموو ئەوانەی بەشداریان کردووە لەشۆڕشی ئازادیخوازی کوردستانو بنیاتنانی کەلتوری تێکۆشان لەم وڵاتەدا لەئاستی فایلی ئەوانەی لەدوای ڕاپەڕیندا سیخوڕیو کاری نهێنیان بۆ ڕژێمی بەعس کردووە دووچاری حەپەسانو نیگەرانیەکی گەورەو قوڵ هاتن. هەڵبەتە ئەوەی لەوەش زیاتر بوە مایەی زویربوونو دڵگرانی هەموو لایەك، ئەوەبوو کە مەسەلەی فایلەکان لەنێوەندە سیاسیو حزبیو ئیداریو جەماوەرییەکان نەبووە هەواڵو ڕووداوێکی گەرمو گوڕو بگرە خەریکە وەکو هەر هەواڵێکی ئاسایی بەبێ دەنگی تێپەڕ دەبێت. دیارە مەسەلەی خیانەتو پشتکردن لەبەهاو ئەخلاقیاتی شۆڕشگێڕیو نیشتمان فرۆشی بۆی هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەهەموو شۆڕشو تێکۆشانی گەلانی جیهان بوونی هەبووبێت، بەڵام مەسەلەی فایلی سیخوڕەکانی خۆمان، دوو خەسڵەتو مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە بەشێك لەوانەی ناویان لەلیستەکەدا هاتووە پێگەیەکی گرنگیان لەنێو حزبو حکومەتو کایە سیاسیو ئیداریەکاندا هەیە، دووەمیان کاتو قۆناغەکەیە واتا گەلی کورد قۆناغی شۆڕشی تێپەڕاندوەو ئێستا لەحاڵەتی دەسەڵاتدا دەژیت بۆیەش سیخوڕیو خیانەتی ئەوانە ماناو مەغزاو نێوەڕۆکی تری هەیە.. دیارە بەهەند هەڵنەگرتنو بەئاسایی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی فایلی سیخوڕەکان کاریگەریەکی یەکجار سلبی دەبێت بەسەر باری ڕۆحیو دەروونی کۆمەڵگا بەگشتیو ڕێبوارانو تێکۆشەرە دێرینەکانی ڕێگای ئازادیو سەرفرازی کوردستان بەتایبەتی. بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی بەرزی پەرلەمانیو حکومی لەدۆسیەی سیخوڕەکان بکۆڵدرێتەوەو هەرکەسو لایەنێکیش بەبەڵگەوە سیخوڕی کردنی بەعس لەسەر ئاشکرا بوو وەکو گەورەترین تاوانبار دادگایی بکرێت.

زیرەك

## بەڕێز جەمیل هەورامی: ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی دێرینو ڕێکخستنەکانی ئەوروپا بەشداری کۆبوونەوەکانیان دەکرد



پاش گەشتێکی دوو مانگی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڕێز جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، گەیشتەوە کوردستان.

لەدیدارێکدا ئاماژەی بەکارنامەی گەشتەکەی کرد، کە زنجیرەیەك کۆبونەوەی لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی پەراگەندەی سویدو ئەڵمانیاو بەلچیکاو دانیمارك و هۆڵەنداو نەمسا ئەنجامداوە، هەروەها ڕاشیگەیاند کە مەبەستی بنەڕەتی لەو سەردانە، کردنەوەی لق و کۆمیتەو لیژنەکانی دەرەوەی کۆمەڵە بووەو، لەئەنجامدا لقی دەرەوە کرایەوەو بارەگاکەشی لەستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سویدە.

دەربارەی فراوانکردنی زیاتری کۆمەڵەش وای نیشاندا کە لەئایندەدا بەرنامە هەیە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی دەکەن بۆ گفتوگۆ کردن لەمەڕ هاتنەناوەوەی تێکۆشەرە دێرینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

پاشان لەوەڵامی پرسیارێکی تری دێریندا دەربارەی بوونی ئەگەری بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەکەیان، بەڕێز جەمیل هەورامی وتی: بەڵێ بەرنامەمان هەیەو ئومێدەوارم دوو مانگی تر نەخایەنێت.

**لەمبارەیەوە دیدارێك دەربارەی کارو چالاکیەکانی سەرۆکی کۆمەڵە لەلاپەرە (2)دا بەرچاو دەکەوێت.**

## بەڕێز قادر عەزیز، بەنوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی ماددەی (140) دەستنیشانکرا



لە بڕیارێکی فەرمیدا کە هەفتەی ڕابردوو بۆ ڕۆژنامەی (الوقائع الکردستانیة) ڕەوانە کراوە، بەڕێز مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قادر عەزیز سکرتێری گشتی حزبی زحمەتکێشانی کوردستان، بە نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەستنیشان دەکات.

ئەمەو بڕیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لەکۆبونەوەیەکدا بەئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم مەسەلەیە لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنێت بۆئەوەی ئەم لیژنەیە هەم هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ کاری لیژنە باڵاکەی بەغدا بکات، لەجێبەجێکردنی ماددەی (140)و هەمیش خۆی لە کوردستاندا چەند بۆی دەکرێ بەشداری لەجێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بکات، بەتایبەتیش لەقۆناغی یەکەمی پرۆسەکە کە بریتییە لەئاسایکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك، کەلایەنی کوردی بۆ خۆی دەتوانێ بەشدارییەکی گەورە لەپرۆسەی ئاسایکردنەوەکەدا بکات کە بریتییە لە: گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوك و ڕەوانە کردنەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان و گێڕانەوەی قەزاو ناحیە دابڕاوەکان بۆ سەر کەرکوك، کە ئەمەیان لەدەسەڵاتی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ خۆیدایە.

## لقی گەرمیانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کۆبونەوەیەکی فراوان بۆئەندامەکانی سازکرد

ڕۆژی 2006/9/19 لقی گەرمیانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لەهۆڵی هونەرمەندانی کەلار بەسەرپەرشتی بەرپرسی لق کاك شێرزاد باوە نوری و بەئامادەبوونی ستافی لق کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆپێشمەرگە دێرینەکانی دەڤەرەکە سازکرد، کەتێیدا ژمارەیەکی بەرچاو ئامادەی کۆبونەوەکە بوون.

لەو کۆبونەوەیەدا تیشك خرایە سەر چەندین باس و بابەتی هەنوکەییو جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە، کە پێشمەرگە وەك مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو خاوەن ئایدۆلۆژیای سیاسی، هەردەم پێویستە سەروەرییەکانی ڕۆژانی خەباتی سەختی بپارێزێت و ڕێگە بەخۆی نەدات لەپرۆسە سیاسیەکە دورکەوێتەوە، هاوکات لەکۆبونەوەکە مژدەی ئەوە درا بەپێشمەرگە دێرینەکانی سنوورەکە کە بونەتە خاوەن ڕۆژنامەیەکی تازە بەناوی (دێرین) کە زمانحاڵی ئەوانەو زیاتر بۆ ناساندنی سەروەرییەکانیان و وەك بەرگریکارێك لەمافەکانیان و ون نەبونی ڕۆژانی ناخۆشی و سەردەمی شاخ، هاتۆتە ئاراوە.

لەوبارەیەوە داواکرا کە بەهەموو لایەك هاوکاری ڕۆژنامەکە بکەن و بەبابەتی هەمە لایەن دەوڵەمەندی بکەن .

شیاوی باسکردنە دوای تەواو بونی قسەکانی بەرپرسی لق، ئامادەبوان خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبونەوەیە دەربڕی و چەندین پێشنیارو سەرنج و پرسیاریان ئاراستە کرد، ئەمەوکۆبونەوەکە (2) کاتژمێری خایەند.

## مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان کەمپینی دادگایی کردنی سەرۆك جاش و ئەنفالچیەکانی ڕاگەیاند

لەپێناو گرتنەبەری ڕێگای یاسایی بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بەشداریان لە کردەوەی ئەنفالە بەدناوەکان کردوە، هەروەها بۆ بنبرکردنی جاشایەتیو خۆفرۆشیو خیانەت کردن لە گەل و نەتەوە، بۆ ئەوەی نەبێتەهۆی هاتنەکایەی تۆڵە سەندنەوە لەلایەن کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و شەهیدە سەربەرزەکان، مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان کەمپینی دادگایی کردنی سەرۆك جاش و ئەنفالچیەکانی کوردستانی ڕاگەیاند . کەلە بەیانەکەیاندا بەمەبەستی ڕێکخستنی کارەکانیشیان چەندین لیژنەی جیاجیایان لە (هۆڵەندا، نەمسا، سوید، ئەڵمانیا، کوردستان) پێکهێناوە.

هەروەها لەبەیانەکەیاندا کە لەڕۆژی (2006/10/1) بڵاویانکردۆتەوە، داوایان لەپەرلەمانی کوردستان کردووە کە دان بەلیژنەی کوردستاندا بنێت و بۆ ئەو داوایەش ماوەی (30) ڕۆژیان داناوە.

## PKK یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند

لەڕۆژی 2006/9/30 موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی (کۆما کۆمەڵێن کوردستان) (K.K.K) یەکلایەنە ڕاگرتنی شەری دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاند.

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لەبناری قەندیل سەرۆکی کۆنسەی (K.K.K) ڕایگەیاند، کە ئەوان تەنیا لەحاڵەتی بەرگریدا دەبن و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو ئاگربەستە دەبن.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم ئاگربەستە لەسەر ئارەزوو داوای گەلێك لەکەسایەتیی و ناوەندو هێزی نێونەتەوەیی دراوە، هەروەها عەبدولا ئۆجەلان لەڕێگەی پارێزەرەکانیەوە هەمان داوای لەسەرکردایەتی (Pkk) کردبوو کە ئاگربەست رابگەیەنێت، لەو بارەیەوە موراد قەرەیلان ڕایگەیاند: بۆ ئەوەی کێشەی کورد پێش بکەوێت چەندین هێز بانگەوازیان بۆ ئێمە کردووە لەوانەش ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، حکومەتی فیدرالی عێراق، داوای شەڕ ڕاگرتنیان لێکردووین. هەروەها لەسەر داواکاری بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان، بڕیارماندا سەرەتا هێرشەکان دژی دەوڵەتی تورکی ڕابگرین، کە ئەم بڕیارە لە 2006/10/1 وە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## لیژنەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی باشووری سوید هەڵبژێردرا

ئێوارەی ڕۆژی 2006/10/1، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانیکوردستان، کۆمیتەی (سوید) کەلەبەڕێزان جەلالی مەلا مستەفا بەرپرسی کۆمیتە، سامان عوسمان و سەید کەمال کارگێڕانی کۆمیتە پێکهاتبوون، لەکۆمەڵەی کوردی مالمۆ سەرپەرشتیاری کۆبونەوەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانی باشووری سویدیان کردو لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا لیژنەی باشووری سویدی کۆمەڵەکەیان پێك هێنا، کەلەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك هاتبوون:(شێرزاد عەزیز، حەمە ڕەشید فەرەج، ئازاد خۆشناو)، ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە بەپێی پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە هەموو پێشمەرگەیەکی دێرین لەباشووری کوردستان پێویستە(3 ساڵ) پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەڕیني هەبێت، ئینجا دەتوانێت ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکە.